بەشێك لەووتاری

# حوکم هه ردەبێت حوکمی خودابێت

**عەبدولأعەزام نوسیویەتی** "خودا لەشەهیدان وەریگرتبێت"

باوان میرەیی وەریگێڕاوەتە سەرکوردی.

## بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله وحدة والصلاة والسلام علي من لانبي بعدة....وبعد:

**لەوانەیە هەرکەس پشکێکی حاڵی بونی لەم دینە هەبێت لەوە تێگەیشتبێت کە شتی مەزن و تایبەت مەندی بناغەیی دین بریتیە لە [لااله الا الله محمد رسول الله](جگە لـە اللـە پەرسـتراوێکی تـری راستی نیەو موحەممەدیش نێردراوی خودایـە) وەلـەوە تێگەیـشتوە فـەرمانرەوایی کـردن بـەو بەرنامەیە ی کەخودا دایبەزاندوە بەشێکی دانەبراوە لەم دینـە ، یـانی ئەگـەر بێـت و ئـەم ئـاینی ئیسلامە بەپارچە دراوێک بچوێنین ؛ ئەوا لەروی یەکەمی نوسراوە :[لا اله الا الله محمد رسـول الله] و وەروی دووەمیشی لێی نوسراوە [إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ]یوسف٤٠**

**(بێگومان فەرمانرەوایی هەردەبێت هی خودابێت، فەرمانی کردوە جگە لەو شتێکی تر نەپەرسـتن ، ئەوە – ئاینی ئیسلام – ئاینی راست و دامەزراوو نەگۆڕاوە) .**

**فەرمان بەرداری کردن بەوەی خودا دایبەزاندووە واتای بـــەندایەتی راستی دەگەیـەنێت ، وەئـەو دینە دینێکـی دامـەزراوو نـەگۆڕاوە ، لادان و کارپێنـەکردنی حـوکمی شـەرع واتـە کەنارخـستنی بەندایەتی خوداو کۆتایی هێنان بەدینی راستەقینە هەرچەندە لەگەڵ ئەو حوکم نەکردنەدا دروشمە ئاینیەکان بەجێ بگەیەنرێت و پێگەو مینبـــــەرەکانیش دروست بکرێت .**

**هەمو کتێبە ئوسولیەکان بە بابی ( حوکم و فەرمانرەوایی) دەست پـێدەکات ؛ بەوەی کـە فـەرمان بەردار هەر بەتەنیا الله یە؛ پێغەمبەریش صلي الله عليةوسلم حوکم و فەرمانرەوایەتی بـەگوێرەی ئـەو بەرنامەیە دەکات کەلەلایەن خوداوە بۆی دابەزیوە ، جائیـتر لەدوتوێی قورئـانی پـیرۆزدا بێـت یان لەسوننەتی شەریفەوە وەرگیرابێت ، خەلـــیفەش لەشەریعەتی ئیـسلامدا کاتێـک لەلایـەن ئوممەتەوە هەڵدەبژێردرێت ؛ جێ بەجێ کردنـــی شەرعی خودا دەخرێتە گەردنی ، نەک ئـەوەی بەویستی خۆی قانون دابنێت و بەپێـچەوانەی ئەم شەریعەتەوە بێـت ، زانایـان و ئـەهلی حـەل و عەقدیش ؛ کەسانی وردبیـــن و لێکۆڵەرەوەن لە روانینیاندا بۆ دەقە شەرعیەکان بۆ ئەوەی بتوانن لەهەمبەر ئەوکێشـــانەی رۆژانە لەژیانی موسولمانانـدا روبەرویان دەبێتـەوە حـوکمی خـودایی دەست نیشان بکەن ، فەرمانی حوکمداری لەخودای [الحکـم] ەوەیـە ، کەناوێکـە لـەناوە کـانی و سیفەتێکە لەسیفەتە پـیرۆزەکانی ، جا هەرکەس مافی قانون دانانی بەویست و ئـارەزوی خـۆی خواست ؛ ئەوە بێگومـــان بەکردەوە دەعیەی خوایەتی دەکات و بەهەڵس و کەوتی دەیەوێت ئەدای بکات ، هەرچـــــەندە بەگوتن نالێت من ئەمەویٔ ببم بەخوا ، وەجیاوازیش نیە لەودا ئەو کەسـەی**

دەیەویّت وابکات چینیّکی گەل بیّت یان هەموو گەل بیّت وەیان ریّکخراویّکی جیهانی یان لۆکالّ وەیا دەستەیەکیان ناوبیّت وەیا تەنیا کەسیّک بیّت ؛ گرنگ دەرەنجامەکەی هەر چون یەکە ؛کەبریتیە لە دامالّینی مافی خودا لەقانون دانان و دانە دەستی خەلّک ، ئەو لاف و دەعیەیە پیادەکردنی شیرکیّکە خاوەنەکەی لەدین دەردەکات[أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُمْ مِنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنْ بِهِ اللَّهُ ]الشوری ٢١ ( ئاخۆ ئەو بیّ باوەرانە هاوبەشانیّکیان هەیە ئاینیّکیان بۆ داناون کەخودا ریّگەی پیّنەداوە )) [وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَى أَوْلِيَائِهِمْ لِيُجَادِلُوكُمْ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ]الانعام١٢١ (وە بیگومان شەیتانەکان بەنهیّنی شت بەدۆستانیان ەدەلّیّن بۆ ئەوەی دەمە دەمیّتان لەگەلّبکەن جائەگەر بچنە سەر قسەی ئەوان ئەوا بیگومان ئیّوەش لە هاوبەشداەران حسیّب دەکریّن) بیگومان گویّرایەلّی کردنی قانونی دەستی مرۆڤ لەگەلّ رازی بون پیّی بەدلّ شیرکەو ئەو کەسەی بەو جۆرەیە بیّت لەدین دەچیّتە دەرەوە .

حوکم و دەسەلاّتی ئیسلامی کەخەلیفە پیّشەنگیەتی دەکرد بۆ بەجیّۆ گەیاندنی دینی خوا تارماییەکی ترسناکبوو لەسەر خۆرئاواو خەوو خۆراکی لیّتالّ کردبوون ، روخاندنی ئەو قەلاّ شکۆدارەببو بە هەموو خولیایەکیان و سیّ سەدەی ریّک پیّوەی خەریکبوون ، بەهەمووتواناو شیّوەیەک لەو پیّناوەدابوون تا لە ٣ی٣ی١٩٢٤دا لەریّگەی موستەفا کەمال ئەتاتورکی تاغوتەوە توانیان زالّبن بەسەریدا ، ئەو پیلانەش لەدەرنجامی پەیمانی لۆزانەوە هات کەلە نۆفەمبەری ١٩٢٢ەوە تا فبرایەری ١٩٢٣ی خایاند کەتیّرای دانیشتنەکان لەنیّوان عیسمەت ئەنینۆی جیگری ئەتاتورک و کرونی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا دابوو وەتیّیدا لەسەر چوار مەرج ریّککەوتن :

١-دەسەلاّتی خیلافەت بروخیّنریّت .

٢-هەموو هەولّیّکی هیّنانەوەی خیلافەت بروخیّنریّت .

٣- دژایەتی دروشمە ئیسلامیەکان بکریّت.

٤- کارکردن بە قانونە خۆرئاواییە دروستکراوەکان لەبری شەریعەتی ئیسلامی .

لەپاش ئەوەی خیلافەت روخیّنرا هەمو دنیا لەسەر ئەوە ریّک کەوتن کە :-

١- هەر خربونەوەیەک کەبانگەوازی حوکم کردن بەئیسلام بکات لەریشەوە دەری کیّشن .

٢- هەموو بەرایی و سەراتاکانی زیندو بونەوەی ئیسلامی لەناو ببریّت لەهەر شویّنیّک ببینریّت.

٣- توانەوەی کاری خواپەرستیانی جیهاد و گشت زاراوەکانی جیهاد ، ئینجالا هیّرش کردنیّکی سەخت بۆ سەر ئەم جۆرە خواپەرستیە بەناوی ئەوەی ئە کارە وەحشی گەرایی و کوشت و برەو بۆ قانونی دارستان نەبیّت شیاو نیە .

٤- خنكاندی نەوەی نوێ لەزۆنگاوی جنسی بۆگەندا ؛ کەتێیدا کۆمەڵگە دەبێتە کۆمەڵگەرایی وەحشی ئاساو ئارەزوو گەرایی ، کەجگە لەتێرکردنی حەزو ئارەزووەکانیان هیچ خواستێکی تریان نەبێت .

٥- لەناوبردنی هەموو ئەو دەزگایانەی کە خاوەن ئیلتیزامی ئیسلامیانەی پوختن ، بەتایبەتی دەزگای پارێزگاری و سوپا و راگەیاندن و دەرەوەو زانکۆکان .

لێرەوە راڤەی رونی ئەو کردەوانە بەدی دەکەین و لیی تێدەگەین کەبۆ تێکشان و لەناوبردن و کوشت و برینکردن دەکرێتە سەر هەموو جموجۆڵێکی ئیسلامی لەهەر جێگەیەک هەبن لەزەوی ئیسلامیدا ، لیچرەداو بەم وردبینەی تێگەیشتنەوە هیچ نادیاریەکت لەلا نامێنێتەوە لەنهێنی ئەو جەنگە کوێرانەیەی دەزگا ئەمنیەکان دەیکەنە سەر هەموو هەناسەیەکی جیهادی

پرۆسەی لادانی دینی خوا لە ژیاندا و لەبریدا هێنانی قانونە دەستکردەکان هەنگاوێکی گەورەبوو وەبویە مایەی پشت شکاندنی ئوممەتی موسوڵمان لەخۆر هەڵات و خۆرئاوا ، وە بەدڵنیایەوە بەڵایەک لەو بەڵایە سەختتر بەسەر مرۆڤایەتیدا نەهاتووە.

ئوممەتی ئیسلامی لەوەو پێش لەدرێژەی مێژویدا جارێکی تر هاوشێوەی ئەم سەر لێشێواویە دیارو نابوتەی بەخۆیەوە نەدیوە؛ جگە لەو جارەی کە دارولخیلافە - بەغدا - لەساڵی٦٥٦دا کەوتە دەستی تەتارەکان ، پاشان ئەوەبوو هۆلاکۆ ویستی قانونی جەنگیزخان - یاسا یان یاسق ، سیاسەتە مەلیکیەکان - بەسەر ئوممەتی ئیسلامیدا بسەپێنێت ، ئەوەبوو زانایان بەتوانایەکی لێبراو انە مەردانە لەرویدا وەستانەوەو فەتوایاندا هەرکەس حوکم بەیاسق ربکات یاخود پیادەی حوکمەکانی یاسق بکات کافردەبێت ئیبن کەسیر فەرمویەتی (هەرکەس ئەو شەرعە دامەزراوە دابەزینراوە ی سەر موحەممەدی کوری عەبدوڵای دواپیغەمبەر وازلێبێنێت کافر دەبێت ؛ ئەوە ئەگەر هەربێت و تەنیا وازی لێبێنێت جاوەرە ئەو کەسە فەرمانبەرداری (یاسا)بکات و بیخاتە پێش حوکمی خوداوە ؟! بێگومان ئەو جۆرە کەسانە بەپێی یەکدەنگی موسوڵمانان کافردەبن )(١).

ئەوبو ئیتر خەڵکی موسوڵمان هەموو دژبە کارکردن وپێرەوی حوکمی ( یاس) وەستان قازانی تاتاری ناچاربوو دوجۆر مەحکەمە بکاتەوە ؛ یەکێکیان مەحکەمەی ( یاسا) بوو دوەمیان مەحکەمەی قورئان وسوننەت بوو .

شایەتیەکی مێژوو : هەرسێ شەرە بەناوبانگەکەی ئەفغان لەدژی داگیرکەران کۆتاییەکەی بەوە دەهات کەکابرایەکیان دەهێنا و دەیانکردە دەسەڵاتدار ؛ کەئەم کەسە دڵۆپێک عارەقی نێوچەوانی لەو ریگەیەدا سەرف نەکردبوو!

جیهادی ساڵی ١٨٤٢ کەسوپای ئینگلیزی بەتەواوی لەنێوان کابوڵ و جەلال ئابادا لەناوبرد ؛ کۆتاییەکەی بەوهات کابرایەکی بەکریگیاوی لا ی ئینگلیزەکانیان - کەلە هیند دەست بەسەربوو ناوی دوست محمدخان بوو - خرایە سەر تەخت دەسەڵاتداری لەکابوڵدا ؛ وەئەو مەرجەشیان دانا بەسەریەوە کە ئەبێ کورەکەی بکوژێت _ وزیر اکبر خا ن - کەموجاهیدێکی

ناسراو بوو وه ئەفسەرێکی ئینگلیزەکانی لەکاتی دنیشتنەکانی د ا کوشتبوو جیهادی ساڵی ١٨٨٠ش کۆتاییهکەی ئهوەبوو چون (ئەمیرشرید)یان هێنا یەوە کەپەنا هەندەیەکبو لە بوخارا و گەلی ئەفغانیان خستە ژێر دەستی و عەرشی دەسەلآتیان لە گەردن و هەناسەی گەلی ئەفغانی توندکرد .

جیهادی ساڵی ١٩١٩ ش بەدەرکەوتنی ئەمانەلآخان کۆتایی هات ، ئەو کابرایەی کەدۆستی لینین و ستالین بوو ، سەرەتاکارەکانی ئەوەبوو فەرمانی کرد دەبێ ئافرەتان روتبنەوەو پەچە فرێ بدەن ، وەکەوتە دژایەتی زانایان و لێدانی شەریعەت ، ئەم ئەمانەلآ خانە یەکەم ئەفغانی بوو کەژنی خۆی بەبێ و سەرپۆش و بەروتی لەبازاردا بسورێنێتەوە .

ئیبن تەیمیە فەرمویەتی : (هەرکەسێک وتی نەزەر حەلآلە ئەوە بەگوێرەی ئیجماعی زانایان بەو قسەیەی کافر دەبێت ، وەهەرکەسێک وتی خواردنی نان حەرامە ئەوە ئەویش هەربەپێی ئیجماع هەرکافر دەبێت).(٢)

لەکۆتاییدا دەڵێم :

جیهاد بەردەوامە – بە پشتیوانی خوا – تائەو کاتەی ئاڵای لا الە الا الله لەئەفغانستاندا دەشەکێتەوە ((وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ الْمُؤْمِنُونَ (٤) بِنَصْرِ اللَّهِ يَنْصُرُ مَنْ يَشَاءُ وَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ (٥) الروم .

وسبحانك اللهم وبحمدك اشهد ان لا اله الا انت استغفرك واتوب اليك

سەرچاوە: گۆڤاری جیهاد \ ژ ٤٠

(١) البدايه والنهايه لابن كثير ج١٣ چ١١٨ .

(٢) منار السبيل باب حكم المرتد چ٤٥